# گیڤارا

## حەمەسەعید حەسەن

دنیا هێمنە,
ئەو دەنگە دەنگە
کۆڕژنی ئەسپی هۆزانی منە,
دنیا تاریکە,
ئەو ڕووناکییە
تیشکی ئاگری ڕەوانی منە .
دنیا خەزانە
ئەو گەڵا سەوزە
پەیڤی بوێری سەر زاری منە ,
دنیا لە قوڕی خەودا چەقیوە ,
ئەو جموجووڵە
شەقژنی خواستی باڵداری منە .